وەزارەتی ناوخۆ:بەڕێوەبەری هەواڵگری پارێزگای زیقاۆ لێ شەڕ و ناکۆکی نێوان دو هێز کوژرا

وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند، لەکاتی هەوڵدان بۆ راگرتنی شەڕ و ناکۆکی نێوان دو هێز لە قەزای ئیسحاق، عەمید عەزیز شەڵال جەهل بەڕێوەبەری هەواڵگری و بەرەنگاربونەوەی تیرۆر پارێزگای زیقاۆ کوژرا.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە، پرسەو ماتەمینی بۆ کەسوکاری عەمید عەزیز شەڵال جەهل بەڕێوەبەری هەواڵگری و بەرەنگاربونەوەی تیرۆر لە پارێزگای زیقاۆ دەردەبڕین، کەئەمشەو لەکاتی ئەرکەکانیدا بۆ راگرتن و کۆتاییهێنان بە ناکۆکیەکی خێڵەکی لەقەزای ئیسحاقی سەر بە پارێزگای زیقاۆ کوژرا. ئاماژەی بەوەشکرد، لەکاتێکدا کەماتەمینی ئەم پاڵەوانە دەگرین، کەیەکێك بووە لەئازاترینەکانی وەزارەتی ناوخۆ.
ئاماژەی بەوەشکردوە، هەرکەسێك ئەم کارەتیرۆریستییەتاوانکارییەی ئەنجامدابێت، لەسزا ڕزگاری نابێت و ڕاپێچی یاسا دەکرێت، لەئێستاشدا فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگای زیقاۆ ئێپەڕاسیۆنێکی گەڕانی بەرفراوانی لەشوێنی رووداوەکەدەستپێکردوە".
ئەوەشی رونکردۆتەوە، تەواوی قەزای ئیسحاق گەمارۆدراوەبۆ دەستگیرکردنی هەردو لایەنی

ململانێکان بۆئەوەی سزای دادپەروەرانەی خۆیان وەربگرن.